# لەشکرکێشی تورکیە بۆ بەر بەست کردنی ئازادی وپێکهێنانی نائەمنی

مینە حسامی

سەرنجێك لەسەر کێشە و گرژی ئەم دواییانەی تورکیە لەگەڵ عێراق، کە بە رواڵەت پ ك ك یان کردۆتە بەهانە، دەگەڕێتەوە بۆ فاکتورگەلێکی تر کە کێشەی ئەرتەش و حکومەتی تورکیە لەگەڵ پ ك ك، بە نیسبەت ئەوانەوە زۆر لاوەکی ترە.

مەوجودیەتی پ ك ك بەرلە هەرشتێك حاسڵی سیاسەتی دەیان ساڵەی سەرکوت و گوشار و قەلاچوکردن و ئینکاری گەلی کوردە لە لایەن حکومەت و ئەرتەش و کاربەدەستانی تورکیەوە و 23 ساڵیش بەسەر بەرەنگاربوونەوەی پ ك ك لە بەرانبەر هێزەکانی ئەرتەشی تورکیەدا تێدەپەڕێ و ئەوەی لە یەك دوو مانگی رابردوودا بەینی ئەرتەشی تورك و پ ك ك روی داوە شتێکی تازە، یان یەکەم مەورد نیە.

تورکیە خۆی بە هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئەمریکا دەزانێ و جگە لەوەش ئەندامی پەیمانی ناتۆیە و بەو پێیە دەگونجێ تەوەقوعی لە ئەمریکا ئەوە بێت کە بۆ تورکیە بەرژەوەندی باشتر و سەهمی زیاتر لە عێراق لە نەزەر بگرێ.

بە هەرەس هێنانی "سوسیالیزمی مەوجود" لە سۆڤییەت و ولاتانی ئەوروپای شەرقی و ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی کە لە سەتحی مەنتەقە و لە جیهانیش دا لە دوو دەیەی رابردوودا هاتۆتە پێش، تورکیە کە پێشتر لە بازنەی بەناو کەمەربەندی سەوزدا جێگا و شوێنی گرینگ و تایبەتی بوو، ئەو خاسییەتەی جارانی بۆ ئەمریکا نەماوە. تەنانەت لە ئێرتبات لەگەڵ پایگای ئەنجێرلیك دا کە بەشێکی زۆر لە تەئمیناتی لۆجێستیکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەوێوە دابین دەکرێ، ئەمریکاییەکان بە شوێن دۆزینەوەی ئاڵتێرناتیوە وەن.

تورکیە زیاتر لە هەشتا ساڵە کێشەی کوردی هەیە و هەبوونی کورد لە ولاتی تورکیە ئینکار دەکا. ئەو وەزعەی ئێستای عێراق و دەسەلاتی کوردەکان لە حکومەتی ناوەندی عێراق و ئەوەی کوردەکان نیمچە سەربەخۆیی یەکیان هەیە، حاکمانی تورکیەی نیگەران و تووڕە کردووە. نیگەرانن لەوەی ئەو وەزعە تەئسیر بکاتە سەر کوردەکان لە کوردستانی تورکیە و چیتر خەڵکی کورد لەو ولاتەش ئەوە قەبوڵ نەکەن کە بە تورکی کێوی پێناسە بکرێن. پێ دەچێ ستراتیژیستەکانی تورك بە نەوعێك پێش بینی بەشداربوونی کوردەکانیان لە

دەسەڵاتی حکومەتی دوای روخانی سەدام و رژیمی بەعسیان کردبێ، هەر بۆیەش ئیزنی هێزەکانی ئەمریکایان نەدا کە بە خاکی تورکیەدا هێرش بکەنە سەر عێراق.
تورکیە لەسەر ئەیالەتی موسڵ لە شیمالی عێراق کە مەنتەقەیەکی بەرفراوان و بە پیتە و نەفتیشی هەیە ئیدعای مالکیەتی هە یە و بە بەشێك لە خاکی تورکیەی دەزانێ و ئێستاش لە خەونی ئیمپراتوریەتی عوسمانی دا دەژی.
تورکیە لە پیادەبوون و بەرێوەچوونی مادەی 140ی دەستوری عێراق و ئەوەی کەرکوك و شوێنەکانی تری کێشە لەسەر بکەونەوە سەر هەریمی کوردستان نیگەرانە و هەموو تەلاشی ئەوەیە ئەو پرۆسەیە تێك بدا.
پەسەند کردنی تەرحەکەی بایدن بۆ دابەش کردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فێدراڵ لە لایەن ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکاوە، بە نیگەرانیەکانی ئانکارای زیاد کرد و جموجوڵی سیاسی و هەرەشەی لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیەی بە شوێن خۆیدا هێنا.
تورکیە دەیەوێ بە هێرش کردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئیجادی نائەمنی لەو بەشە لە عێراقیش، ئەو نیمچە ئازادی سیاسیەی لەم گۆشەیە بەرقەرار بووە لەبەین بەرێ و ئەسەراتی لە سەر کوردستانی تورکیەش بشواتەوە.
جمهوری ئیسلامی ئێران بە شوێن روخانی رژیمی بەعس، زۆرتر بە کەڵك وەرگرتن لە گروپ و دەستەجاتی شیعەی سەربە رژیمی ئیسلامی ئێران، توانیویەتی لە عێراق نفوزی زۆرتر پێك بێنێ و دەوری بەرچاو ببینێ لە ململانێ و کێشەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقدا. بە جۆرێك کە زۆرێك لە تەحلیل گەرانی سیاسی وای لێدەکەنەوە کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و روخانی سەدام و درێژەی شەڕ و نائارامی لە عێراق، تا ئێستا بە قازانجی جمهوری ئیسلامی ئێران بووە و لە ئەساسدا ئەو رژیمەی لە ناوچەکەدا بەهێز کردوە.
تورکیە هەرچەند لە کێشەی کورددا و بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و رزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان خۆی بە هاوپەیمانی ئێران دەزانی، بەڵام لە پەرەسەندنی نفوزی ئێران لە عێراق نیگەرانە و ئەو رەوتە بە زیانی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەبینێ.
لە واقێعدا تورکیەش لە عێراق بە شوێن سەهمی خۆیدا دەگەرێ و ئەو هەڕەشە کردن و کێشە خوڵقاندنەش، بانگەوازی حاکمانی ئەو وڵاتەیە بۆ بەشداری لە خوانی بە ئیستلاح کەیکی عێراق. پ ك ك و راوەدوونانی گریلاکانی پ ك ك تەنیا بەهانەیەکە بۆ بەدەست

هێنانی ئەو سەهمە و پێش گرتن بە گەشەی رەوتی ئازادیخوازانە لە کوردستانی تورکیە و لەم رێگەیەشەوە لە هەموو ولاّتی تورکیە.

دەرکردنی بریارنامەی شەر و بەزاندنی سنوری عێراق بە بیانوی تەعقیبی گریلاکانی پ ك ك لە لایەن پارلمانی تورکیەوە، نیشانی دەدا کە ئەوپارلمانە لەجیاتی ڤروژاندنی روحی برایەتی و یەکسانی خوازی بۆ پیکەوە ژیانی هێمنانە و لەجیاتی پەیامی سولّح و ئاشتی لە مابەینی دو گەلی تورك وكورد لە تورکیەدا، بە قەت ژنرالەکانی تورکیە شەرخوازە. پارلمان و حاکمانی تورکیە بۆ چەواشەکاری و بەلاریدابردنی بیرورای گشتی ولاّتەکەیان و، خۆ دەرباز کردن لە ولاّم دانەوەو رێگای چارەدوزینەوە بۆ ئەو قەیرانە سیاسیو ئابوریو کۆمەلاّیەتیە کە داوین گیریتورکیەیە، شەر وکیشەی دەرەکی جاردەدەنو بەمجورەو بە بیانوی پ ك ك بوحرانیکی گەورەتر دەخولقینن کە مەعلوم نیە ئاکامەکەی چون دەبێ.

کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیەش وەك باقی پارچەکانی تری کوردستان مەسەلەیەکی سیاسیە و چارەسەری سیاسی دەویت وبەسازکردنی فەزای شەر ونائەمنی، بەشەروکوشتارو قەلاّچۆکردنو ولاّت کاول کردن چارەسەر نابیت.

21.10.2007